# دیداری هەفتەنامەی زەنگ لەگەڵ پەروەردەناس فایەق سەعید



**ئایا دەکرێ بەو کۆمەڵە یاساو رێسایانەی کەلەکوردستاندا بلێین سیستمی پەروەردەیی کوردستان؟**

زوربەی ئێمە دەستەواژەی سیستمی پەروەردەیی کوردستان بەکار دەهێنین، بەڵام من خۆم بەشێوەیەکی مەجازی بەکاری دەهێنم چونکە ئەوەی لەکوردستاندا هەیە ئەگەرچی سیماکانی سیستمیشی پێوەیە بەڵام بەهیچ شێوەیەک ناکرێ ناوی سیستمی پەروەردەیی کوردستانی لێبنێن. بەڵام دەکرێ بلێین سیستمی پەروەردەیی عیراقی چونکە ئێمەو عیراق هەرولامان بەهەمان سیستم کار دەکەین کەلەبنەرەتدا کوردستانی نیە. بۆ ئەوەی بتوانین ئەو دەستەواژەیە بەدروستی بەکار بهێنین دەبێ کۆمەڵێک گۆرانکاری و ریفۆرمی گەورە پیادە بکەین بۆ ئەوەی سیستمەکە تایبەتمەندێتی کوردستان هەڵبگرێت.

**بەڕای تۆ کێ خەتابارە لەم دۆخە پەروەردەییەی لەکوردستاندا هەیە ؟**

شتێکی بەڵگەنەویستە کەئێمە کۆمەڵێک بەرپرسی پەروەردەیی پۆست بەرزو ئاست نزممان هەیە کەشارەزاییەکی باشیان لەو سیستمە عیراقیە کۆنەدا هەیەو هیچ شێوە شارەزاییەکیانیش لەپەروەدەی هاوچەرخدا نیە. ئەمانە دەستیان گرتووە بەسەر دەزگا گەورەکانداو بۆ نزیکەی 16 ساڵیشە خەبات دەکەن بۆ ئەوەی سیستمی پەروەردەیی نەگۆرێت. بەڵام لەلایەکی دیکەوە ئەمانە گوناهیان نەکردووە چونکە ئەوان لەو چوارچێوەیەدا کار دەکەن کەسیستمی ئێمە فەراهەمی کردووە. بەڵکو هۆکارو رێگری سەرەکی لێرەدا حکومەتی کوردییە کەتاوەکو ئێستا هیچ سەرۆک کابینەیەک و هیچ سیاسیەکی ئێمە لەبەر نەشارەزایی یا هەر هۆکارێکی دیکە بێت هیچ بەرنامەیەکی بۆ پەروەردە پێنەبوە. ئێمە ناکرێ کەمتەرخەمیەکان بخەینە ئەستۆی تاکەکەسەکان، بەڵکو لەئەستۆی سیستەمە سیاسیەکەدایە کەسەرۆکی کابینە بەرپرسە لێی. سەرئەنجامەکانیش ئەوەبوون کەتا دێ بێرێزی و توندوتیژی دژ بەمامۆستاکان زیاد دەکات و من پێم وایە زیاتریش دەبێت، خوێندکاران دان بەدەسەڵاتی پەروەردەیی مامۆستاکاندا نانێن، ئەوان زۆر بەخراپی پەروەردە کراون و لەئەنجامی ئەمەشەوە رێژەی تاوان زیادی کردووە، ئاستی زانستیان زۆر خراپتر بووە، قوتابخانە خوێندکار بۆ گونجان لەگەڵ پێوەرەکانی کۆمەڵگادا ئامادە ناکات، بەدەیان خوێندکار خۆیان دەکوژن ئێمەش هێندە بێ ئاگاو بێخەمین وەکو ئەوەی ئەم کارانە لەحەوشەی ئێمەدا روو نەدەن ، .... هتد.

بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا من پێم باش نیە بەم لۆژیکە کارەکان شیبکەینەوە.

**ئەی چۆن دەبێ شیبکەینەوە؟**

ئێمە باس لەپەروەردە دەکەین و دەمانەوێت کار بۆ داهاتووی 1,2 ملیۆن خوێندکارو 73000 مامۆستا بکەین و بارودۆخی 5000 قوتابخانە چاک بکەینەوە. بۆیە لەبری ئەوەی باس لەخەتابارەکان بکەین دەبێ لەدەروزاەیەکی تازەوە باس لەگرفتەکان بکەین. من تا ئەو رادەیەش پێم باشە گرفتەکان شیبکەینەوەو رەخنە بگرین کەلەرێگەیانەوە بتوانین لەبەر رۆشنایی تاقیکردنەوە مۆدێرنەکاندا میکانیزمێکی هاوچەرخ بۆ چارەسەرکردنیان دابرێژین، ئەگەر نا رەخنەکانمان بەدەردی

هیچ شتێک ناخوات.

❖ چۆن؟

❖ بروانە ئێمە لەهەموو ماسمیدیاکانی خۆماندا بەبەردەوامی رەخنەی توند دەگرین و وەڵامی ئەو پرسیارە دەدەینەوە ئایا بارودۆخی ئێستای سیستمی پەروەردە چۆنە. بەڵام وەڵامی ئەو پرسیارە نادەینەوە چۆن ببێ باشە؟ زۆرێک لەهاوڵاتیان تەنها رەخنە دەگرن و هیچ جۆرە ئەڵتەرناتیڤێکی دیکەیان پێ نیە. من مەبەستم ئەوە نیە کەخەڵک رەخنە نەگرێت، بەپێچەوانەوە بەڵام دەبێ چارەسەریش پێشنیار بکەین. شتێکی بەڵگەنەویستە کەهەموو هاوڵاتیەک ناتوانێت ئەڵتەرنانتیڤی نوێی هەبێت بەڵام من بەم شێوەیە کار دەکەم و ئاواشم پێ خۆشە چونکە بەسودمەنتری دەزانم.

❖ پەیوەندییەکانی نێوان خوێندکار و مامۆستا زیاتر لەپەیوەندییەکی عەسکەریانەوە نزیکە تا پەیوەندییەکی پەروەردەییانە. تۆ ئەم پەیوەندییانە چۆن هەڵدەسەنگێنی؟

لەهەر گفتوگۆیەکی هاوچەرخدا دەبێ کۆمۆنیکاسیۆنێکی دوو سەرە لەئارادا بێت. واتە کاتێ یەکێک پەیامێک دەداتە یەکێکی دیکە چاوەروانی ئەوەش بکات ئەوی دیش پەیامێک رەوانە بکاتەوەو تیایدا بیروبۆچوون و رەخنەو سەرنجەکانی خۆی بخاتەروو. بەڵام لەناو سەربازگەو هێزەکانی سوپادا تەنها کۆمۆنیکاسیۆنێکی یەکسەر هەیە؛ واتە هەرکات ئەفسەرێک پەیامێک رەوانەی سەربازێک دەکات ئیدی چاوەرزانی وەڵام ناکات چونکە ئەوە فرمانەو دەبێ یەکسەر جێبەجێ بکرێت.

ئەوەی لەقوتابخانەو زانکۆکانی ئێمەدا هەیە کۆمۆنیکاسیۆنێکی یەک سەرەیە؛ واتە قسەی سەرەتاو کۆتایی، فرمانەکان، دەسەڵاتەکان، رێزو بێرێزی بەدەست مامۆستاکانە. لەبەرامبەر ئەمەشدا ئەرکی پیادە کردن، بێدەنگی، بێدەسەڵاتی، نووسینەوە، لەبەرکردن .... هتد دەکەوێتە ئەستۆی خوێندکار. من تاوەکو ئێستا چەندین جار باسم لەو پەیوەندییە ملیتارییە کردووە، بۆیە نامەوێ ئێستا هەمان قسە دووبارە بکەمەوە بەڵکو لێرەدا هەوڵ دەدەم لەگۆشەیەکی دیکەوە تەماشای ئەو پەیوەندییە بکەم.

کات زۆر بەخێرایی گوزەر دەکات و گەشەسەندنی تەکنەلۆژیاو جیهانگیری کارێکی زۆری لەئێمەو لەگەشەسەندنی خوێندکارانیش کردووە. من وای دەبینم خوێندکاران توانایەکی باشتریان هەبووە لەئێمە بۆ نزیکبوونەوە لەو گۆرانکارییە خێرایەی کەهەبووە. یا هیچ نەبێت هێزێک نەبووە لەناوەوە لەو گۆرانکارییانە دووریان بخاتەوەو زوربەی جارەکان ئەوان ئەو گۆرانکارییانەیان بەپۆزەتیف لەقەڵەم داوە. لەپاڵ ئەمەشدا گەورەکان لەزوربەی جارەکاندا بەشێوازی جودا جودا مۆرکێکی نێگەتیڤیان بەو گۆرانکارییانە بەخشیوەو گرفتەکەش بۆتە کێشەی نێوان کۆن و نوێ. ئەمەش وای لەخوێندکاران کردووە کەخۆیان لەمامۆستاکانیان بەباشتر بزانن. ئەم حاڵەتە مەرجیش نیە بەم شێوەیە بێت بەڵام من قسە لەو هەستە دەکەم کەلەلای خوێندکارەکان هەیە. نموونەیەکی زۆر زەق لێرەدا بەکارهێنانی مۆبایل و کۆمپیوتەرو ئینتەرنێت و پرۆگرامەکانی دیکەیە کەمناڵەکان بەرێژەیەکی زۆر گەورەتر لەگەورەکان تیایاندا زرینگترن. بیریشت نەچێت ئەمە تەنها یەک نموونەیە.

بۆ چارەسەرکردنی سەرجەم گرفتەکانی دیکەش مامۆستا پێویستی بەئامرازی مۆدێرن هەیە کەکۆمۆنیکاسیۆنی یەکسەرە بەهیچ شێوەیەک ناتوانێت دابینی بکات. چونکە ئەو جۆرە پەیوەندییە یەکسەرە دەرگا بەرووی خوێندکاراندا دادەخات بواری گفتوگۆ نادات. بۆیە گرژییەکانی پەیوەندی نێوان مامۆستاو خوێندکار وەکو پەیوەندی نێوان ئەفسەرو سەرباز لێدێت، ئەمەش حاڵەتێکی تەندروست نیە. ئەمەش وای کردووە کەهاوپەیوەندییەکی کۆنسترەگتیڤ لەنێوان هەردوو کارەکتەرە سەرەکیەکەی پرۆسەی پەروەردەدا نەبێت و دواجاریش پەیوەندییەکی ملیتاری باڵ بەسەر هەموو ئەو شوێنانەدا بکێشێت کەخوێندکاری تێدایە.

باشه بۆ خوێندكاران ئەو هەستەیان تێدا دروست بووە؟

بروانە من قسەكان لەخۆمەوە ناكەم. تۆ برۆ دیداری لەگەڵ خوێندكارانی هەموو قۆناغەكاندا بەزانكۆشەوە بكەو بیاندوێنە بزانە دەڵێن چی. من منداڵی سەرەتایی دیوە دەڵێ مامۆستاكەم سە لەیارییە كۆمپیوتەرییەكانی من دەر ناكات. هەیە دەڵێ بەرێوبەرەكەمان بۆیە مۆبایلی نیە چونكە خۆی دەڵێ سەری لێدەرناكەم. خوێندكارێكی پۆلی دووەمی زانكۆ پێ ووتم ئەمە كەی مامەڵەو شێوازی وانەووتنەوەیە كەمامۆستایەكی زانكۆ هەیەتی، ...هتد بەهەر حاڵ منداڵەكان و لاوەكانیش قسەی لەم بابەتەیان زۆر بۆ كردووم. ئەمە لەلایەك، لەلایەكی دیكەشەوە كاتێ خوێندكار تەماشای كتێبەكانی خۆی دەكات باسی تەلەفزیۆنی رەش و سپی و ردیۆو فیلمی 24 و 36 ی دەكات، بەڵام ئەو منداڵە رۆژانە زۆر بەزرینگیەوە مامەڵە لەگەڵ كامیرەی دیجیتال و كۆمپیوتەرو ئینتەرنێت و ئای پۆدو MP3 ... هتد دەكات. كەواتە قوتابخانە نەپەروەردەیەكی باش و نە مەنهەجێكی نوێی بۆ منداڵەكان دابین كردووە. لەبەرامبەر كێشەكانیشدا توندوتیژی و هەراسانكردن پیادە دەكات چونكە توانای ئەوەی نیە كێشەی خوێندكاران بەشێوازێك چارەسەر بكات كەرێزگرتنی هەمە لایەنەی لێبكەوێتەوە. لێرەدا دەكرێ ئاماژە بەزۆر فاكتەری دیكەش بكەین كەوا لەخوێندكاران دەكەن ئەو هەستەیان تێدا دروست ببێت.

ئایا هۆكاری دیكەش هەن یا هەر ئەمەیە؟

هۆكار زۆرن، بۆ نموونە من وای دەبینم بەشێكی باش لەخوێندكاران بەتایبەت گەورەكان لەوە تێگەیشتوون ئەركی سەرەكی قوتابخانە چیە، بەڵام هێشتا خودی قوتابخانە لەو ئەركەی خۆی تێنەگەیشتووە یا لەبەر هەر هۆیەك بێت كاری جیدی بۆ ناكات.

ئەو ئەركە چیە؟

ئامادەكردنی خوێندكارە بۆ ئەوەی لەگەڵ پێوەرەكانی كۆمەڵگادا بگونجێت و هاوڵاتییەكی باشی لێدەربچێت.

لەروانگەی پەروەردەییەوە مەبەستت لەهاوڵاتی باش چیە؟

لەروانگەی پەروەردەیی و كۆمەڵناسیشەوە باش بەو مانایەی بتوانێت لەرێگەی بەرهەمێنانەوەی زانستەوە چەند مێتودێك بۆ كارو مامەڵەكردن لەگەڵ ئەوانی دیكەدا بدوزیتەوە. بۆ نموونە ئێمە پێویستمان بەوەیە خەڵك دوور لەگەندەڵی كارێكی شیاو بكەن، رێز لەیەكتر بگرن، رەخنەكان قبوڵ بكەن، رەخنە لەبابەتەكان بگرن نەك لەكەسەكان، یەكتر رەت نەكەنەوە، لەرێگەی دیالۆگەوە چارەسەری گرفتەكان بكەن، بروایان بەدیموكراسی هەبێت نەك دەسەڵاتی تاكرەوانە، فێری سازش ببن، فێری ئەوە ببن راستی رەها لەلای هیچ كەسێك نیە بەتەنیا ..... هتد. بەڵام هەموومان دەزانین قوتابخانە بەپێچەوانەی ئەم نۆرمانەی سەرەوە كار دەكات.

كاریگەری ئەم حاڵەتە ناتەندروستە چیە؟

ئەمە دەبێتە هۆی بێزاربوون و رەخنەگرتن و بەرپابوونی حاڵەتێكی نائاسایی لەلای خوێندكاران. بۆیە دەبینیت هەموو لایەك سەری كردۆتە سەر پەروەردەو رەخنە دەگرێت بەڵام هێشتا پەروەردە خۆی ئاورێكی جیدی لەم بوارە نەداوەتەوە. ئەڵبەتە من مەبەست لەكاری یەك دوو رۆژ نیە بەڵكو باس لەبەردەوامی پرۆسەیەك دەكەم. ئەمە حاڵەتێكی ناتەندروستە، حاڵەتی تەندروست ئەوەیە بەر لەوەی خوێندكاران و لایەنەكانی دیكە دەرك بەكۆنی سیستمی پەروەردەیی بكەن وەزراەتی پەروەردە دەبێ خۆی تازە بكاتەوە.

**هەندێک لەمامۆستاکان ،بەتایبەت بەتەمەنەکان، هەمیشە ئەوە دووپات دەکەنەوە کە (مامۆستا مامۆستایە و خوێندکاریش خوێندکار)، بوونی ئەو هێڵە سوورە لەنێوان مامۆستاو خوێندکاردا چۆن دەبینی؟؟**

لەهەر بوارێکدا پەیوەندی دوو سەرەو دیالۆگ هەبێت نابێت باس لەبوونی هێڵی سوور بکرێت. ئێستا باوی هێڵی سوور تەنانەت لەسیاسەتیشدا نەماوە بەڵکو سازشکردن هەیە، بۆیە من پێم باش نیە لەبواری پەروەردەدا باس لەهێڵێکی لەم جۆرە بکەین. بەڵام لەلایەکی دیکەوە منیش وەکو ئەو مامۆستا بەتەمەنانە دەمەوێ مامۆستا مامۆستا بێت و خوێندکاریش خوێندکار بێت. ئەوەی لێرەدا من یا نەوەی نوێ لەوان جیا دەکاتەوە یا خاڵی ناکۆکی هەردوولامان بریتیە لەتێگەیشتنی هەردوولا بۆ پێناسەی مامۆستاو خوێندکار. خەسڵەتەکانی مامۆستا لەلای من بریتین لەرێزگرتنی خوێندکار کەخۆی لەچەند تەوەرێکدا دەبینێتەوە؛ بەشێک لەمانە بریتین لەبەهەند وەرگرتنی بیروبۆچوونەکانی ئەوان، دروستکردنی کەسایەتی ئەوان بەبێ پەنابردنە بەر شکانەوە، راهێنانی ئەوان لەسەر ئەوەی هەراسانکردنی هاورێکانیان رێگایەکی پەروەردەیی چەوتە، گۆشکردنیان بەزانستێکی دیداکتیکیانەی مۆدێرن، پەروەردەکردنی ئەوان بەو روحەی کەهیچ دەقێک پیرۆز نیەو دەکرێ هەموو شتێک بخرێتە ژێر پرسیارەوە، فێرکردنی خوێندکارانە کەراستی رەها لەلای هیچ کەسێک نیەو چەندین رێگای جیاوازیش بۆ گەیشتن بەهەمان مەبەست هەیە... هتد. ئەڵبەتە هەموو ئەمانە بەو نەسیحەت و رێنماییانە نایەنە دی کەبۆتە بەشێک لەژیانی مامۆستاکانمان. من دەزانم خودی مامۆستاکانیش لەو نەسیحەتانە بێزار بوون، بەڵام سیستمی پەروەردەیی هیچ شێوازێکی دیکە نەخستۆتە بەردەمیان.

لەدیدێکی دیکەوە خوێندکاران ئەو توێژەن کەبۆ فێربوون هاتوونەتە قوتابخانە، بۆیە دەبێ ئەوان رێز لەگەورەکان بگرن، بەشێوازێکی هاوچەرخانە گفتوگۆ بکەن، ئەرکەکانی خۆیان بکەن، هاوکاری بنوێنن، خۆیان بەبەدیلی مامۆستاکان نەزانن، وا نەزانن هەموو راستیەکان لەلای ئەوانە، ... هتد. گرفتێک کەدێتە کایەوە ئەوەیە نەوەی کۆن لەیەکەم رۆژی قوتابخانەوە داوای هەموو ئەم شتانە لەخوێندکاران دەکەن، لەکاتێکدا نەوەی نوێ لەسەر ئەوە سورن کەئەمە ئەرکی سەرەکی قوتابخانەیە. بەهەر حاڵ زۆر شتی دیکەش هەن کەدەکرێ لەکاتێکی دیکەدا باسیان بکەین.

**ئەی مامۆستا ئەتوانێت شێوازێک پەیرەو بکات لە وانە وتنەوە و پەیوەندییەکانی خۆیدا لەگەڵ خوێندکار کە وەزارەتی پەروەردە بڕیاری لەسەر نەدابێت؟ مەبەستم لێرە مامۆستا ئەو ئازادییەی هەیە؟**

بەڵێ بۆ ناتوانێت؟ ئەگەر خۆمان تەنها لەبازنەی وانەووتنەوەدا بهێڵینەوە کەتۆ مەبەستە ئەوە هیچ کاتێک وەزارەتی پەروەردە نابێتە رێگر لەبەردەم زۆرێک لەو شێوازانەدا. خۆ وەزارەتی پەروەردە هێندە لەوشێوازانەدا شارەزایی نەنواندووەو هێندەش توندوتیژ نەبووە. من بروا ناکەم ئەگەر مامۆستایەک وانەکەی بەشێوازێکی هاوچەرخانەی وا بلێتەوە کەببێتە مایەی تێگەیشتنێکی نوێ، وەزارەت هیچ شتێک بڵێت. من تاوەکو ئێستاش دەقێکی وام نەبینیوە. بەڵام لەتەواوی ئەم ولاتەی ئێمەدا تەنها شێوازی موحازەراتی وانەووتنەوە هەیە کەلەبەر ئاسانی هەمووی پیادەی دەکات.. ئەگەر باس لەپەیوەندییەکی سنورداریش دەکەیت ئەوە بەڵێ مامۆستا ئازادی ئەوەی هەیە بەجۆرێکی دیکە هەندێ رەفتار بکات، بروا ناکەم وەزارەت رێگر بێت بۆ نموونە لەبەرامبەر میهرەبانبوونی مامۆستادا. من لەئەنجامی هەندێ تێکەڵاوی و تاقیکردنەوەی فیعلیەوە ئەومە بینیوە

کەزۆرێک لەمامۆستاکانی ئێمە لەبەرامبەر هەر رەفتارو هەوڵدانێکی نوێدا تەنیا بیانوو دەهێننەوەو پێیان وایە وەزارەتی پەروەردە رێگرە لەبەردەم کارەکانیاندا. من تەواو لەگەڵ ئەوانەدا هاورام کەوەزارەت هەندێ رێگری دەکات، بەڵام زۆرێک دونیا بەرەش و سپی دەبینن و تەنها بیانو دێننەوەو نایانەوێت بەهیچ شێوەیەک خۆیان ماندو بکەن و شتە تازەکان بخەنە بواری تاقیکردنەوەوە.

لێرەدا دەشبێت ئەوە بڵێم کەمن هەرگیز تاکەکانی ناو قوتابخانە گوناهبار ناکەم بەڵکو هەموو گوناهەکان لەئەستۆی ئەو

سیستمە دایە کەبەرپرسە لەتازەنەکردنەوەی سەرجەمی سیستمەکەو لەدانانی بەرێوبەرەکان لەسەر بنەمای حیزبابەتی و ...هتد.

بەڵام ئەگەر بەشێوەیەکی گشتی پرسیاری ئازادییەکانی مامۆستا بکەیت ئەوە دەڵێم نا، مامۆستا بۆی نیە زۆر شت بکات، چونکە مامۆستا بەشێوەیەکی زۆر بەرفراوان ئازادییەکانی بەربەستکراون و ناتوانێت هەنگاوێکی بەرەفراوان بنێت. ئەم رێگرتنە لەمامۆستاکان بەشێوەیەکی دۆکیومێنتکراو لەلایەن دەزگا پەروەردەییەکانەوە پلانی بۆ دانراوە. مامۆستا کتێب و پەیوەندییەکان و شێوازی کارو تەنانەت ژمارەی لاپەرەکانیشی بۆ دیاریکراوە. خوێندکارەکانی زیرەک بن یا نا دەبێ ژمارەیەکیان دەرچن ئەگەر نا بەمامۆستایەکی خراپ دادەنرێت. بۆی نیە بەبێ پرس و رای هەندێ دەزگاکان خوێندکارەکانی بەرێتە دەرەوەی قوتابخانە ..... هتد. مامۆستایەکی زانکۆی سەلاحەدین لەکافتیریا مامۆستایاندا کۆلایەکی بۆ کریم و پێی راگەیاندم ((مامۆستام دەوێ بتوانێت لەکافتیریای خوێندکاراندا دابنیشێت یا خوێندکارم دەوێت بتوانێت لەکافتیریای مامۆستایان دابنیشێت)). ئەمانە بەربەستکردنی ئازادییە شەخسیەکان نەبێت چیە؟

من کەتێکەڵی هەندێ مامۆستا بووم باسی شتی زۆر سەیرو سەمەرەیان بۆ دەکردم کەمن هیچ حیکمەتێکم تێدا نەدەبینی تەنها ئەوە نەبێت نەشارەزایی و ترسی ئەو بەرپرسە بڕیاردەرانەی لەداهاتوو بۆ دەردەخستم. تۆ بروانە زۆرینەی ئەوانەی بەرپرس و بەرێوبەری پەروەردەیی زۆر گەورەن لەو ریفۆرمە گەورەیەی جیهان بێخەبەرن. باسی هەرشتێکیشیان بۆ دەکەیت دەڵێن ئەمە بۆ کوردستان ناشێت چونکە کوردستان تایبەتمەندێتی خۆی هەیە. ئەم دێرە لەلای زوربەی بێتواناکاندا دووبارە دەبێتەوە. بەربەستکردنی بەشێکی گەورەی ئازادییەکانی مامۆستا  تا حەفتاکانیش لەزوربەی وڵاتە پێشکەوتووەکاندا هەر مابوون، بەڵام دواتر ریقۆرمێکی سەرتاسەری دەستی پێکرد کەدەرگای بەرووی ئازادی کارکردنی مامۆستادا کردەوە. من پێم خۆشە لەدوای  کۆنگرەی پەروەردەیی بەجیدی بیر لەئازادکردنی پەیوەندییەکانی مامۆستاو بەرێوبەرەکان بکرێتەوە. دەبێ واز لەو رێنماو یاسایانەی عیراق بهێنرێت و لەبری ئەوەی بەدۆکیومێنت ئەرکی هەموو کادیرەکانی ناو قوتابخانە دەسنیشان بکرێن. من لەوە تێناگەم بۆ مامۆستا ئازادی لەوانەکانی خۆی و لەپۆلەکەی خۆیدا نەبێت. کاتێک ئەم پرسەم ئاراستەی بەرێوبەرێک کرد پێی ووتم(( مامۆستا تۆ نازانیت ئەگەر مامۆستاکانی ئێمە هەموو شتێک بدەیتە دەستی خۆیان قوتابخانە دەبێ بەگاڵتە جاڕی)). ئەمەش دووبارە دەمانگەڕێنێتەوە بۆ باسکردنی ئەو پەروەردە کۆکتێلە رۆژهەڵاتیەو ئەو پەروەردەیەی کەبەعس بۆی فەراهەم کردین. بەشێوەیەکی دی من خۆم باشتر دەزانم و تۆ بەئەندازەی من سەر لەشتەکان دەر ناکەیت و بەهیچ شێوەیەکیش ئازادت ناکەم و ...هتد.

**بێگومان لەکۆنگرە پەروەردەییەکەی ئەمساڵدا شتی باش و راسپاردەی باش پێشکەشکران, بەڵام وەک ئەوتری لەناو کۆنگرەدا کۆمەڵێک لەنەیارەکانی ریفۆرم هەبوون. پێتوانییە دواجار راسپاردەکانی کۆنگرە بچێتەوە لای ئەو نەیارانەو نەکرێنە بڕیار؟**

تەنها وەزیری پەروەردە دەتوانێ بەدڵنیاییەوە وەڵامی ئەو پرسیارەت بداتەوە. بەڵام ئەگەر پرسیارلەمن دەکەیت هەموو ئەو نەیارانەی ریفۆرم نەدەبوو بەهیچ شێوەیەک لەکۆنگرە بوونایە بەڵام لەبەر هاوسەنگی حیزبابەتی نەکرا لەکۆنگرە دوور بخرێنەوە. ئەگەر بێت و دانانی بریارەکان و  دارشتنی میکانیزمی کارکردن بۆ ئەو راسپاردانە بچێتەوە بۆ لای ئەوان ئەوە بەدڵنیاییەوە هیچ جۆرە گۆرانکارییەکی ئەوتۆ روو نادات چونکە لەلایەکەوە ئەوان کۆنخوازن و لەلایەکی دیکەشەوە شارەزا نین و لەهەمووشی خراپتر لەهەموو شتێکی نوێ دەترسن. بەڵام لەبەر هەندێ هۆکار من پێم وانیە ئەو کارانە بچێتەوە لای ئەوان، ئەگەر بشچێت ئەوە تەنها بەشێوەیەکی یەکجار کەم دەبێت. لەم حاڵەتەشدا تۆ دەبێ دەست لەو بەشە بچوکە بشۆیت و ئێمە دەبێ لەگۆنگرەیەکی دیکەدا دووبارە کار لەو بابەتانەدا بکەین. چۆن لەبواری تازەکردنەوەی حیزبەکاندا کۆمەڵێک کادیری زۆر بێتوانا هەن کەبوونەتە بارگرانی بەسەر حیزبەکانەوەو رێگە لەهەموو تازەکردنەوەیەک دەگرن و کەسیش ناتوانێت دەریان بکات، ئاواش ئەو بەرپرسە پەروەردەییانە رێگە لەریفۆرمەکان دەگرن و کەسیش ناتوانێت دەریان بکات.

**چ ڕێگاچارەیە بۆ ئەم گروپە بەباش دەزانیت؟**

من پێم باشە بەشێکیان خانەنشین بکرێن و بەشێکی دیکەیان بگوێزرێنەوە بۆ شوێنی دیکە کەکارگەرییان کەمتر بێت لەسەر تازەکردنەوەی سیستمەکە. بو نموونە زۆر گرینگە بەڕێوبەرێکی پەروەردە بکەیت بەبەڕێوبەری بەشێکی دیکە لەناو وەزارەتدا چونکە بەڕێوبەری پەروەردە کاریگەری زۆرە. لەبری ئەم دوو گروپەی سەرەوەش دەکرێ گەنجی خاوەن تونا دابمەزرێن. بەشەکەی دیکەشیان کەکەمێک زرینگترن بخرێنە خولی بەردەوامەوە. ئێمە دەتوانین دەست بەرداری ئەو بەرپرسە باڵایانە بین کەبەهەموو شێوەیەک ڕێگرن بەڵام ناتوانین دەست بەرداری ئەو 73000 مامۆستایە بین کەهەمانە. بۆیە من لەگەڵ دەرکردنی ئەوانەدا نیم بەڵکو لەگەڵ پێگەیاندنی ئەوانەدام.

**تۆ گەشبینیت بەگۆنگرە؟**

بەشێوەیەکی لەرادەبەدەر بەرامبەر بەهەموو ژیان گەشبینم و هەمیشە پێم وایە کارەکانی بەیانیم لەوانەی دوێنێم باشتر دەبن. پێشم وایە کارەکانی کرنگرە بەشێوەیەکی مامناوەندی باش بەرێوە چوو ڕاسپاردەی باشیش پێشکەش کران. من حەزم لەزۆر شتی دیکەش دەکرد بەڵام دەبێ قەناعەت بەوە بکەین ئێمە لەکوردستاندا دەژین نەک لەڕۆژئاوا. من زۆر گەشبینم و بەشێوەیەکی پۆزەتیڤانەش دەڕوانمە دوارۆژی کۆنگرە. بەڵام مەرجێکی سەرەکی بۆ سەرکەوتنی گۆنگرە ئەوەیە لیژنەیەکی هاوبەش لەکەسانێکی زۆر شارەزا لەکوردستان و هەندەران پێک بێت بۆ ئەوەی میکانیزمی نوێ بۆ ڕاسپاردەکان دابنرێت. ئەمە ڕای تایبەتی خۆمە چونکە لەنەشارەزایی تواناکان زۆر دەترسم.

**ئەو بەڕێزانەی نەیان ئەویست ریفۆرمی تەواو لە پەروەردەدا بکرێت, چی هۆکارێک پاڵی بەو بیرەیانەوە ئەنا؟**

سیستمی پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی و سیاسی ڕۆژهەڵات و کوردستان کاریگەرییەکی زۆر نەگەتیڤانەی لەسەر کەسایەتی تاکەکان داناوە. بەپێ ئەم سیستمە ڕۆژهەڵاتیە زوربەی ئەم مرۆڤانە زۆر پێیان عەیبە کەبلێن من ئەم شتە نازانم، یا تۆ لەمن باشتریت، یا لەبەر ئەوەی تۆ شارەزاتریت وەرە با هاوکاری یەکتر بکەین ...هتد. تۆ تەماشای ئەم کۆکتێلە پەرەدۆکساڵە بکە. جا من پێم وایە ئەو نەیارانەی کەگۆنگرە جۆرە گرفتێکی لەگەڵیاندا هەبوو ئەو نەیارە بەرپرسانەبوون کەشتیان بەدەست بوو. ئەوانە تەنها لەشتە کۆنەکاندا شارەزاییان هەیەو بەبێ ئەوەی گوناهی خۆیان بێت نازانن لەجیهانی پەروەردەدا چی دەگوزەرێت. نەشارەزایی لەقوتابخانە فیکرییەکان و تاقیکردنەوەی وڵاتانی دیکە دەیانخاتە گۆشەیەکی تەسکەوە کەدەربازبوون لێی تەنها بەپەیداکردنی زانستی نوێ دەبێت، ئەمانەش ئەو دەرەفەت و تاقەتەیان نیە بۆیە تەنها پێ لەسەر ئەو شتە کۆنانە دادەگرن کەخۆیان دەیزانن. لەناو کۆنگرەشدا گوێت لەزۆر بیروبۆچوونی وا دەبوو. بۆ نموونە لەبواری ئەزموونەکان، سەرپەرشتیکاران، پەیوەندییەکانی نێوان ماڵ و قوتابخانەکان ...هتد. بەشێکی دیکە لەمان ریفۆرمێکی سنوردارییان پێخۆش بوو بەڵام بەمەرجێک لەسنوری زانیارییەکانی خۆیان تێپەر نەکات یا بەشێوەیەک بێت کەئەوان دەسەڵاتیان بەسەردا بشکێت . بۆ نموونە پێیان خۆش نەبوو تاقیکردنەوەی وڵاتەکانی ئەوروپا بێتە بەرباس بەبەهانەی ئەوەی لەگەڵ کەلتوری کوردیدا ناگونجێن. لەبەرامبەر ئەمەشدا باسی تاقیکردنەوەی هەندێ وڵاتی دواکەوتوویان دەکرد چونکە خۆیان ئەو وڵاتانە دەناسن و کەدەشچن بۆ ئەو وڵاتانە لەزمانی عەرەبی تێدەگەن و گرفتیان نیە. من تێناگەم هەموو وڵاتەکانی دەوروبەرمان دەچن بۆ ڕۆژئاوا بۆ ئەوەی فێرببن بۆ ئێمە بچین بۆ ئەو وڵاتە دواکەوتووانە؟ من پێم سەیرە کاتێ بەڕێوبەری پەروەردەی یەکێک لەشارەکان دەڵێ تورکیا باشترین سیستمی پەروەردەیی لەجیهاندا هەیە!!!! پێشت سەیر نەبێت بۆ زوربەی خولەکانی دەرەوەی کوردستان لەوڵاتە عەرەبییەکاندا قەرار دەگرن؟

ئەم نەیارانە لەداهاتو زۆر دەترسن، چونکە دەزانن داهاتوویەک پاپەند بێت بەتاقیکردنەوەکانی ڕۆژئاواوە پێویستی بەشارەزایی نوێ هەیە بۆ ئەوەی بتوانن لەو سیستمە تازەیەدا کار بکەن. دواتر ئەوان نایانەوێت لەسیستمێکی نوێدا کار بکەن

کەدەسەڵاتیان تیدا باڵا نەبێت. هۆکارێکی دیکە ئەوەیە کەمرۆڤ شارەزایی لەشتێکدا نەبوو زۆر سەختە پێشنیارێک لەو بوارەدا قبوڵ بکات. دواتر هەندێک کەس ئاسۆی بیرکردنەوەکانی زۆر تەسکن بۆیە کەپێشنیارێکی دەدەیتێ یەکسەر دەڵێ ئەمە ناکرێ، کەزۆریشی بۆ دێنی و بۆی روون دەکەیتەوە دەڵێ بۆ کوردستان نابێت.

ئەم بەرپرسە کۆنخوازانە بەهەمان ئەو کۆکتێلە رۆژهەڵاتیە پەرەدۆکساڵەوە مەحکومن کەلەسەرەوە باسم کرد، بۆیە هەرگیز ئەوەیان لەدەست نایەت بلێن من واز دێنم و جێگەکەم بۆ یەکێکی دی جۆڵ دەکەم. نەک ئەمان هەموو بەرپرسەکانی ئەم وڵاتانە تا دەرنەکرێن واز نایەنن. قبوڵکردنی ریفۆرم بەبۆچوونی ئەم نەیارانە مانای لەدەستدانی کورسیەکانیان دەگەیەنێت. لەلایەکی دیکەوە ئەوانە هەمیشە هەوڵی ئەوە دەدەن بەرەکەی خۆیان بەهێز بکەن و تاوەکو ئێستاش سەرکەوتوو بوون، بۆیە بروایان وایە تا ماوەیەکی دیکەش دەتوانن بەردەوام بن.

.

**بیانویەک هەبوو بۆ ئەوەی سەرجەمی پێشنیاری پسپۆرەکانی دەرەوەی کوردستان جێبەجی نەکرێن, ئەویش ئەوە بوە کە لە کوردستاندا ژینگەکە ڕەخساو نییە بۆ ئەو گۆڕانکاریانە, چۆن سەیری ئەم خاڵە ئەکەیت؟**

بروانە، من خۆم گوێم لەشتێکی لەم بابەتە نەبووەو بەپێچەوانەی ئەوەی تۆش گوێت لێبووە بەشێک لەوانەی دەرەوەش رۆڵیان لەراسپاردەو بریارە باشەکاندا هەبوو. لەناو کۆنگرەشدا گفتوگۆیەکی زۆر بەپێزو خۆش لەگەڵ ئەوانی دیکەدا ئەنجامدراو من لەهیچ شوێنێکدا هەستم بەوە نەکرد. بەڵام دەبێ بەراشکاوی بڵێم کەهەمیشەو لەهەموو شوێنێکدا جۆرە حەساسیەتێک لەبەرامبەر ئەو کەسانەدا یا وتاری ئەو کەسانەدا هەیە کەلەدەرەوە بانگهێشت دەکرێن. کۆنگرەی پەروەردەییش لەم حاڵەتە بەدەر نەبوو، بەڵام سەرجەم ئەم دیاردەیە شتێکی زۆر لاوەکی ناو کۆنگرە بوو. من پێم باشە لێرەدا واز لەحەساسیەتی کەسەکان بێنین و قورسایی خۆمان بخەینە سەر بابەتەکان. لەم روانگەیەوە دەبێ ئەوە بڵێم کەبەشێک لەو حەساسیەتە پەیوەندی بەو زمانەو هەیە کەقسەی پێدەکرێت. لێرەدا من لەزمانی قسەکردنی هەندێک کەس نارازیم. بەشێکی دی پەیوەندی بەشێوەی خستنەرووی بابەتەکانەوە هەیەو بەشێکی تریشی پەیوەندی بەناوەرۆکی باسەکانەوە هەیە. من خۆشم بەر لەوەی هەر بابەتێک لەکوردستاندا بخەمەروو زۆر بیر لەزمانی گفتوگۆو لەشێوازی خستنەرووی بابەتەکە دەکەمەوە، بەڵام کاتێ بابەتێک لەوڵاتێکی دیکەدا دەخەمەروو هەرگیز بیر لەوە ناکەمەوە. بەشێوەیەکی گشتی من خۆم تا ئێستا توشی هیچ گرفتێکی لەم بابەتە نەبووم. دواتر بمانەوێ یا نا هەندێ کەس هەن کۆنخوازن و دژ بەهەموو شتێکی تازەن، ئیدی لەهەر کەسێکەوە بێت ئەوە گرینگ نیە. باشترین بەڵگەش ئەوەیە شتی وڵاتە دواکەوتووەکانیان قبوڵە بەڵام وڵاتە پێشکەوتووەکانیان قبوڵ نیە. لەزانکۆکانیشدا بەهەمان شێوە نەوەیەکی کۆنخواز هەیە بەهەموو شێوەیەک دژی بروانامەکانی رۆژئاوایە بەڵام یەک نیشانەی پرسیار ناخاتە سەر بروانامەی وڵاتە کۆمەنیستەکانی جاران بەمەرجێک جیاوازییەکی یەکجار گەورە لەنێوان ئەو دوو بروانامەیەدا هەیە. دوا شت بیرت نەچێت ئێمە باس لەگروپێکی زۆر بچکۆلە دەکەین.

تێبینی. ئەم ددیدارە لەژمارەکانی 59,60,61 ی هەفتەنامەی زەنگ دا بلاوکراوەتەوە